## زانستی ڕەوانبێژیی ئەدەبی
## پێناسەی بەشی دووهەم: زانستی ڕوونبێژی
نووسەر: جەعفەر قارەمانی

### سەرەتا

ڕازاندنەوەی وتە هەر لە کۆنەوە جێی سەرنجی شاعیران و نووسەرانی هەر نەتەوەیەک بووە. شاعیر یان نووسەر زیاتر هەوڵ دەدات وتەیەکی ڕەوان، پاراو و دوور لە هەر جۆرە دژواری و کەموکووڕی ئاراستە بکات، جا چ بە شێوازی شیعر بێت، یان پەخشان. کاتێک زمانی ڕۆژانەی ئاخێوەرانی نەتەوەیەک لەگەڵ زمانی شاعیرانیان بەراورد دەکەین، بەو ئەنجامە دەگەین، لە ڕوانگەی شاعیراندا دونیا و دیاردەکانی جارێکی دیکە خولْقاونەتەوە و بە ناوی نوێ ناودێر کراون. بۆیە وەختێک دەقێکی ئەدەبی، یان دێڕێکی شیعری دەخوێنینەوە، ئەوەندە لە ناوەکاندا هەست بە جیاوازی دەکەین وەدەزانین بەهەڵەدا چووین. جیاوازییەکان تەنیا لە ناوەکاندا نییە، بەڵکوو پەیوەندی و پێگە و کردەوەکانیش بە شێوازێکی تر و جیاواز لە باری ئاسایی وێنا کراون.

زمان، لە بەستێنی شیعردا و لە جەستەی دەقێکی شیعری بە ئیلهامێکی سیحراوی بەرجەستە دەبێت. زمانی ئەدەبی بە هەر شێوازێک بێت، لە زمانی ئاخاوتنی ئاسایی ڕەوانتر، جوانتر و کاریگەرترە. ئەو جیاوازییە یەکەم بەهۆی ڕەنگدانەوەی ڕازەکانی زانستی ڕەوانبێژیی ئەدەبییە و دووهەم بەهۆی بەدیهاتنی وێنەی شیعرییە کە هەست و جوانی بە زمان دەبەخشێت و تێکەڵاوی زمان دەبێت. بە کورتی، شیعر هونەرێکە پەیوەندییەکی چڕوپڕی لەگەڵ زماندا هەیە و دەکرێ بگوترێت: شیعر تێکشکانی نۆڕمی ئاسایی و لۆژیکی زمانە، بەڵام ڕەنگە ئەو پرسیارە بێتە ئاراوە کە شاعیر چۆن دەتوانێت لە لۆژیکی ئاسایی زمان دوور کەوێتەوە و بۆ ئەم مەبەستە چەند شێواز هەیە دەبێ کەڵکیان لێوەرگرێت؟کۆنترین شێوازەکان لە زانستی ڕوونبێژیدا شرۆڤە دەکرێن.

بە تاوتوێی مێژووی شیعر و ئەدەب بەتایبەت شیعری کلاسیک بەو ئەنجامە دەگەین زانستی ڕەوانبێژیی ئەدەبی بە گشتی وەک بەشێکی دانەبڕاو لە پێکهاتەی شیعری کلاسیک دەستنیشان دەکرێت، هەرچەند شیعرییەتی شیعر بە هۆی هەبوونی هونەر و ڕازەکانی ڕەوانبێژیی ئەدەبییەوە نییە، بەڵام ئەو ڕازانە لە گۆڕینی پێکهاتەی وتەیەکی ئاسایی بۆ وتەیەکی ئەدەبی، یان بەرزکردنەوەی بایەخی ئەدەبی دەقێک، یان بابەتێک کاریگەرییەکی بەرچاو و بەهێزیان هەیە.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شیعری کلاسیکی کوردی، دەوڵەمەندی لە بواری ڕەوانبێژیی ئەدەبییە. لێکدانەوەی دێڕە شیعرەکان بەرەو خەزێنەیەکی بەنرخی شاعیرانی کوردمان ڕەوانە دەکەن. بەشێک لە جوانی شیعر و پەخشان کاتێک هەست پێکراوترە کە خوێنەر شارەزای زانستی ڕەوانبێژیی ئەدەبی بێ و بتوانێت هەرکام لە بابەتەکانی ئەو زانستە تاوتوێ بکات، ئەوکات بەو ڕاستییە دەگات کە هۆی سەرەکی بەشێک لە ڕازاوەیی شیعری کلاسیک، ڕەنگدانەوەی ڕازەکانی زانستی ڕەوانبێژیی ئەدەبییە.

**زانستی ڕەوانبێژیی ئەدەبی و مێژووی سەرهەڵدانی (بەکورتی)**

ڕەوانبێژی، بریتییە لە وتەی جوان، ڕەوان و کاریگەر کە لەگەڵ بارودۆخی گوێگر، یان خوێنەر بگونجێت، بۆ ئەوەی مەبەست بە ڕوونی بە خوێنەر بگات و چێژی پێ ببەخشێت. زانستی ڕەوانبێژیی ئەدەبی لەو هونەر و بنەمایانە دەکۆڵێتەوە کە هۆی ڕەوانی، جوانی و کاریگەری وتە و پاراستنی لە لێڵی و شێواوییە. زانایانی ئەدەبی بە کۆی سێ زانستی: واتاناسی، ڕوونبێژی و جوانکاری ڕەوانبێژیی ئەدەبی دەڵێن. ناوەندی سەرهەڵدانی ئەم زانستە وەک زۆربەی زانستەکانی دیکە وڵاتی یۆنانە. ئەرەستوو بە نووسینی دوو کتێبی« *الخطابه* و *فنّ الشعر*» بناغەی زانستی ڕەوانبێژیی ئەدەبی دارشت و سەلماندی نەتەنیا لە داهێنانی فەلسەفەدا، بەڵکوو لە پێناسەکردنی زانستی ڕەوانبێژیش پێشەنگە. وەرگێڕانی دوو کتێبی «*الخطابه* و *فنّ الشعر*» لە زمانی سوریانییەوە بۆ سەر زمانی عەرەبی سەرەتای ناساندنی ڕەوانبێژیی ئەدەبی بە ئەدەبیاتی عەرەبی و تەنانەت ئەدەبیاتی فارسیش بووە.

لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا بە قەڵەمی نووسەرانێکی وەک: ئەبووعوبەیدە موعەمەری کوڕی موسەننا (١١٠- ٢٠٩ک)، عەبدوڵڵای کوڕی موعتەز (٢٤٧-٢٩٦ک)، جاحیز بەسری (١٦٠- ٢٥٥ک)، ئیبنی قوتەیبە (٢٣٣- ٢٧٦ک)، عەبدولقاهیر جورجانی (٤٠٥-٤٧٤ک) و هتد، ڕەوانبێژیی ئەدەبی وەک زانستێکی ئەدەبی سەربەخۆ ناسرا.

لە ئەدەبیاتی کوردیدا ئەو بەرهەمانە لەسەر زانستی ڕەوانبێژیی ئەدەبی نووسراون: ١. ڕەوانبێژیی لە ئەدەبی کوردیدا (عەزیز گەردی) کە لە سێ بەشی: ڕوونبێژی، جوانکاری و واتاناسی پێکهاتووە. ٢. خۆشخوانی (عەلائەددین سەجادی)، لە سێ بەشی: گوزارەکاری، ڕەوانکاوی و جوانکاری پێکهاتووە. ٣. بەدیع و عەرووزی نامی (مەلاعەبدولکەریمی مودەڕڕیس). ٤. جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا (ئیدریس عەبدوڵڵا). ٥. لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا (ئیدریس عەبدوڵڵا ). ٦. بەیانی کوردی (عەبدولخالق پەرهیزی).

**ئەزموونگەی شیعری کلاسیک**

هەر زانستێک بۆ لێکدانەوە، شێواز و یاسای تایبەت بە خۆی هەیە. بۆ نموونە، بابەتەکانی زانستی کیمیا لە ئەزموونگە بە تاقی کردنەوە دەسەلمێنرێن، یان ڕەت دەکرێنەوە. بابەتی «زمان» یش وەکوو هەموو زانستەکانی دیکە پێویستی بە ئەزموونگەی تایبەت بە خۆی هەیە. بە زانستێک کە ڕاستی و دروستی وتە شرۆڤە دەکات، «ڕێزمان» دەڵێن. ڕێزمان، ئەزموونگەی زمانە. دوای ئەوەی وتە لە ئەزموونگەی زماندا مەرجی ڕاست بوونی سەلمێنرا، ئەوکات دەبێت لە قۆناغی پاراوی و ڕەوانیش مەرجی دروست بوونی هەبێت. بەم پێیە دەکرێت زانستی ڕەوانبێژیی ئەدەبی بە ئەزموونگەی بەشێک لە پاراوی و ڕەوانی شیعری کلاسیک پێناسە بکرێت.

**بەشی دووهەم: زانستی ڕوونبێژی**

ڕوونبێژی، بریتییە لە کۆمەڵێک یاسا کە بە سوود وەرگرتن لەم یاسایانە دەکرێت یەک واتا بە شێوازی جیاواز و جۆراوجۆر دەرببڕدرێت، بەو مەرجەی ئەو شێوازانە لە ڕێژەی ڕوونی و ناڕوونی لەگەڵ یەک جیاوازییان هەبێت و ئەو جیاوازییە تەنیا

لەسەر بنەمای خەیاڵ بێت. زانستی ڕوونبێژی تایبەت بە زمان و نەتەوەیەکی دیاریکراو نییە. شوبهاندن و خوازە بە چ شێوەیەک لە شیعری فارسی یان عەرەبیدا واتای هەیە، هەر بەم جۆرەش لە شیعری کوردیدا واتای هەیە.

زانستی ڕوونبێژی پەیوەندی بە واتاوە هەیە و پوختی و ناپوختی و پلەی داهێنەری بەرهەمەکانی ئەدەبی هەڵدەسەنگێنێت. هەر وەک ئاماژە کرا، زانستی ڕوونبێژی بریتییە لە کۆمەڵێک یاسا کە بە کاریگەری ئەو یاسایانە دەکرێت یەک واتا بە چەند شێوازی جۆراوجۆر دەرببڕدرێت؛ بەو مەرجەی ئەم شێوازانە لە وێنەی خەیاڵاوی، یان لە ڕێژەی ڕوونی و ناڕوونی لەگەڵ یەک جیاوازیان هەبێت.

**گرنگی زانستی ڕوونبێژی**

زانستی ڕەوانبێژیی ئەدەبی بەرجەستەترین و گرنگترین بەشی ئەدەبییە کە لایەنی ئافراندن و داهێنانی ئەدەبی تێدا دەردەکەوێت. لە شێوازناسیدا یەکەمین گۆڕانگاریی شێوازی لە باری ئەدەبییەوە لە ڕەوانبێژیی ئەدەبیدا ڕوو دەدات. بۆ نموونە، بە لێکدانەوەی پێکهاتەی شوبهاندن بە شێوەیەکی ورد دەکرێت گۆڕانکارییەکانی شێوازی ناسی دیاری بکرێت. لە لایەکی ترەوە، بەهۆی ئەوەی کە لە هەرکام لە قوتابخانەکاندا شوبهاندن بە شێوەیەکی جیاواز لە لایەن شاعیرانەوە بەکار هاتووە و ئاڵقەی پەیوەندی هزر و ڕوانینی نوێ شاعیر بە دونیای ڕاستەقینە و خەیاڵییە، شوبهاندن بە باشی دەتوانێت دەربڕی بیر و ڕوانگەی شاعیر بە دونیا و سروشت بێت. لە شوبهاندندا، ڕووی شوبهاندن جگە لەوەی کە بە تەرازووی هەڵسەنگاندنی بایەخی ئەدەبی شوبهاندن ناسراوە، لە شێوازناسیشدا دەربڕی گۆڕان و جیاوازی شێوازی چاخێکی ئەدەبی بۆ چاخێکی ترە؛ ئەو بابەتە تەنیا دەرخەری گرنگی بەشێک لە زانستی ڕوونبێژی لە ڕەخنە و لێکدانەوەکانی ئەدەبییە. لە ڕەخنەی ڕەوانبێژیدا و بەتایبەت لە شێوازناسیشدا بۆ ئەوەی سنووری چاخەکانی ئەدەبی و تایبەتمەندییەکانی هەرکام لە قوتابخانە ئەدەبییەکانی کوردی شرۆڤە بکرێن، پێویستە بە شێوازێکی نوێ، ڕوونبێژی و بابەتە سەرەکییەکانی ئەو زانستە پێناسە بکرێن.

**تایبەتمەندییەکانی بەشی دووهەمی زانستی ڕەوانبێژیی ئەدەبی، واتە ڕوونبێژی**

سەرەتا پێویستە ئاماژە بکرێت لە بەشی دووهەمدا، واتە زانستی ڕوونبێژی بۆ ئەوەی خوێنەر زۆر بە وردی و بە شێوازێکی زانستی و نوێ ڕووچوونی بۆ ناخی تەوەرەکانی زانستی ڕوونبێژیدا هەبێت، لێکدانەوەیەکی کورت لەسەر پێناسە زمانی شیعری کراوە. هەر لە پێشەکیدا مژاری وێنەی شیعری و ڕۆڵی زمانی شیعری لەسەر ئافراندنی وێنەی شیعری بە شێویەکی تۆکمە شی کراوەتەوە.

لە هەرکام لە بەشە سەرەکییەکانی زانستی ڕوونبێژی، سەرەتا پشکنینێکی چڕوپڕ لەسەر پێشینەی هەرکام لە کۆڵەکەکانی زانستی ڕوونبێژی و بابەتەکانیان ئەنجام دراوە، بۆ نموونە، لە بەشی خواستندا دوای لێکدانەوەی بۆچوونی نووسەرانێکی وەک: ئەبوو هیلالی عەسکەری، تفتازانی، جاحیز، ئیبنی موعتەز، کەدکەنی، شەمیسا و هتد، بە شێوازێکی بەربڵاوتر هەر لەسەر ئەو مژارە ئاماژە بە ڕوانگەی ڕەخنەگران و نووسەرانێکی تری وەک: ئەرەستوو، یاکۆبسێن،

ڕیچاردیز، کۆلرێج، هاوکس و هتد، کراوە. بۆیە لەو توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە هەرکام لە بابەتەکانی زانستی ڕوونبێژی بەپێی ڕوانگەی ڕەخنەگران و پسپۆڕانی بیانی بە وردی شرۆڤە بکرێت؛ پاشان ڕەنگدانەوەی ئەو زانستەی لە ئەدەبی کوردیدا و بەتایبەت لە دەلاقەی شیعری شاعیرانی کلاسیکی کوردی شی بکرێتەوە و لە ئەنجامدا ئاکامی کۆبەندی باسەکان ئاراستە بکرێت.

بۆ ئەوەی ئەو توێژینەوەیە زانیاری نوێ بە خوێنەری وێژەی کوردی ببەخشێت؛ سەرەتا هەوڵدراوە تایبەتمەندی هەرکام لە توخمە پێکهێنەرەکانی زانستی ڕوونبێژی بە وردی تاوتوێ بکرێت و پاشان بە هێنانی نموونەی شیعری شرۆڤەی هەرکام لە کۆڵەکەکانی ڕوونبێژی و جۆرەکانیان ئەنجام دراوە. لە بەشێکی تردا لایەنەکانی جوانیناسی هەرکام لە بابەتەکانی زانستی ڕوونبێژی لە ئافراندنی وێنەی شیعری، بە گشتی شی کراوەتەوە. جێی ئاماژەیە لەو بەرهەمەدا بە مەبەستی دەرخستنی ڕۆڵی ڕازەکانی زانستی ڕوونبێژی لە پێکهێنانی وێنەی شیعری بۆ هەموو بابەت، یان توخمەکانی زانستی ڕوونبێژی، نموونەی شیعری لە دیوانی شاعیرانی کلاسیک هاتووە.

دیارترین تایبەتمەندی ئەو توێژینەوەیە هەڵبژاردنی زمانی ساکار بۆ شرۆڤەی بابەتەکانی زانستی ڕوونبێژییە. مەبەستی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە پێناسە و بەرجەستە کردنی ڕازەکانی زانستی ڕوونبێژی لە شیعری کوردی و کۆکردنەوەیان بە شێوازێکی زانستی و دەرخستنی ڕادەی دەوڵەمەندی زمان کوردی لە بەرهەمهێنانی شێوازی نوێ و کاریگەر بووە.

شایانی باسە لە کاتی ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەیە تووشی چەندین گرفت بووین؛ کە لە هەموان سەرتر بە هۆی نەبوونی فەرهەنگی زانستی ئەدەبی کوریی، هەڵبژاردنی زاراوەی تایبەت بۆ هەرکام لە ڕازەکانی زانستی ڕوونبێژی بوو. لە ئەدەبی کوردیدا بەهۆی کەمی لێکۆڵینەوە لەسەر زانستی ڕەوانبێژیی ئەدەبی و بەتایبەت زانستی ڕوونبێژی زۆرێک لە زاراوەکانی تایبەت بەو زانستە نەکراونەتە کوردی، یان لە ئەدەبی کوردیدا بۆ هەموویان چەمکی تایبەت دانەنراوە، بۆیە هەندێ جار ئەو زاراوانە بەکار هاتوون کە توێژەرانی پێش ئەم توێژینەوەیە بەکاریان هێناوە و هەندێ جاریش بۆ ئەوەی دەوڵەمەندی زمانی کوردی دەرکەوێت و سەربەخۆیی زمانی کوردی بپارێزرێت؛ زاراوەی کوردی بۆ بەشێک لە ڕازەکان لە لایەن نووسەرەوە داتاشراوە.